حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی پلاندانان

دەستەی ئاماری هەرێم

# پوختەی راپۆرتی رووپێوی خێرا بۆ باری گوزەرانی خێزان و چاودێری رێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان 2018

لە دوای راگەیاندنی ئەنجامەکانی رێژەی هەژاری لە ساڵی 2012 بە پشت بەستن بە ئەنجامەکانی رووپێوی ئابووری کۆمەڵایەتی لە هەمان ساڵ کە لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێم بە هاوبەشی دەزگای ناوەندی ئاماری عێراقی بە هاوکاری بانکی دەولی بۆ زانینی رێژەی هەژاری لە هەرێم لە ساڵی 2018 رووپێوێکی تری خێرا بۆ باری گوزەرانی خێزان و چاودێری رێژەی هەژاری لە مانگی تەمووز ئەنجامدا.

ئامانجەکانی ئەم رووپێوە بریتین لە :

1. هەژمارکردنی رێژەی نوێی هەژاری لە عێراق و هەرێمی کوردستان
2. خەملاندنی رێژەی هەژاری لەسەر ئاستی پارێزگا لەرێگای (PMT)
3. دەستەبەرکردنی نیشاندەرەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری نوێ

پرسیارنامەی رووپێوەکە لە دووبەش پێکهاتبوو :

1. پرسیارنامەی کورت(Short form): 7 بەش بوو کە زانیاری کۆمەڵایەتی و ئابووری خێزانی لەخۆ گرتبوو.
2. پرسیارنامەی درێژ(long form) : 6 بەش بوو کە زانیاری بەشە خۆراک و خەرجی خێزانی لەخۆ گرتبوو.

**سامپڵی رووپێوەکە:**

قەبارەی سامپڵی رووپێوەکە لە عێراق 8640 خێزان بوو و لە هەرێمی کوردستان بۆ هەر پارێزگایەک 900 خێزان بۆ پرسیارنامەی کورت و لە نموونەی بچووککراو 180 خێزان پرسیارنامەی کورت و درێژهەڵبژێردرابوون لەسەر ئاستی ژینگەی نیشتەجێبون لە شارو گوندەکان و کۆی گشتی سامپلەکان لە هەرێمی کوردستان 2700 خێزان بوو.

**گرینگترین نیشاندەرکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری :**

## خەرجی:

1. **تێکرای خەرجی تاک بۆ یەک مانگ** لە ساڵی 2018 لە هەرێمی کوردستان 239000 دیناری عێراقیە و لە عێراق 212600 دینارە، لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمیش زۆرترین خەرجی لە پارێزگای سلێمانی بوو بە بڕی (234000دینار) و کەمترین خەرجیش لە پارێزگای دهۆک بوو بە بڕی(199000دینار)، لە پارێزگای هەولێر 211000دینارە بوو.

2. **تێکرای خەرجی خێزان بۆ یەک مانگ** لە ساڵی 2018 لە هەرێمی کوردستان 1293000 دیناری عێراقی و لە عێراق 1276000 دینارە, لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمیش، پارێزگای دهۆک زۆرترین خەرجی هەیە بە بڕی ( 1377000دینار) و کەمترین خەرجی لە پارێزگای هەولێرە بە بڕی (1118000دینار) و لە پارێزگای سلێمانی 1123000دینارە.

## دیموگرافی:

1. تێکڕای ژمارەی قەبارەی خێزان لە هەرێمی کوردستان 5.4 و لە عێراق بە گشتی 6.
2. ڕێژەی رەگەز لە هەرێمی کوردستان 100.7 لە بەرژەوەندی رەگەزی نێرو ئەم ڕێژەیە لەعێراق 102.4 لە بەرژەوەندی رەگەزی نێر.
3. ڕێژەی پشت پێبەستن (الاعالة) لە هەرێمی کوردستان 64%ە و لە عێراق 74%ە، لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمیش پارێزگای دهۆک بەرزترین ڕێژەیە 69.7% و دواتر پارێزگای هەولێر 63.5% کەمترین ڕێژەش لە پارێزگای سلێمانیە بەرێژەی 60.7% .

## نیشتەجێبوون:

1. بەپێی ئەنجامەکان ڕێژەی خاوەنداریەتی یەکەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان 73.3%ە و لە عێراق ڕێژەکەی 72%ە.
2. ڕێژەی ئەو خێزانانەی کە کرێچین لە هەرێمی کوردستان 26.5%ە و لە عێراق ڕێژەکەی 22%ە.
3. رزگاربوون لە پاشماوە و خۆڵ و خاشاک لە رێگای شارەوانیەکان لە هەرێمی کوردستان ڕێژەکە 93.9%ە و لە عێراقیش ڕێژەکە 52.7%ە.
4. ڕێژەی کۆکردنەوە یان هەڵگرتنی خۆڵ و خاشاک لە هەرێمی کوردستان بە شێوەی رۆژانە 50.1%ە و هەفتانە دووجار و زیاتر 32.4%ە,تەنیا جارێک لە هەفتەدا 2.6%ە و هەفتەی جارێک زیاتر14.7%ە.
5. لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی ئەو خێزانانەی کە غاز بەکاردەهێنن بۆ ئامادەکردنی چێشت 98.9% ە و لە عێراقیش 98%.
6. تێکڕای ژمارەی کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبا لە تۆڕی گشتی لە هەرێمی کوردستان 11 کاتژمێرە لە هەر رۆژێکدا و لە عێراقیش 17 کاتژمێر لە رۆژێکدا، بەڵام تێکرای ژمارەی پێدانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان بۆ مۆلیدەی هاوبەشی گەرەک 12 کاتژمێرە لە هەر رۆژێکدا و لە عێراق 6 کاتژمێرە لە رۆژێکدا.

7. لە هەرێمی کوردستان بەرێژەی 90.6% لە یەکەنیشتەجێبووەکان بەستراونەتەوە بە تۆری گشتی ئاو بەڵام لە عێراق رێژەکە 92%ە.
8. لە هەرێمی کوردستان بەرێژەی 72.6% لە خێزانەکان بۆ ئاوی دابین کراو لە تۆری گشتی بۆ ماڵان بەشیان دەکات و بەرێژەی 25.5% لە خێزانەکان ئاو دەکڕن، بەڵام لە عێراق رێژەی ئاوی دابین کراو لە تۆری گشتی کە بەشیان دەکات 69%ە.

## کەل وپەلی درێژ خایەن:

1. رێژەی 59.9% خێزانەکان لە هەرێمی کوردستان خاوەنی ئوتومبێلن و لە عیراق رێژەکە 41.7%ە.
2. لە هەرێمی کوردستان خێزانەکان بەرێژەی 26.5% خاوەنی کۆمپیوتەرن لە کاتێکدا ئەم رێژەیە لە عێراق زۆر کەمترە کە دەکاتە 15.9%.
3. خاوەندارێەتی تابلێت لە هەرێمی کوردستان رێژەکەی 26.5%ە بەڵام لە عێراق ئەم رێژەی 10.9%ە.
4. رێژەی 89.7% خێزانەکان لە هەرێمی کوردستان خاوەنی مۆبایلی زیرەکن بەڵام ئەم رێژەیە لە عێراق 79.6%ە.

## خوێندن و رۆشنبیری:

1. بەپێی ئەنجامەکان رێژەی خوێندەواری لە هەرێمی کوردستان 78%ە و جیاوازییەکی بەرچاو بەدی ناکرێت لە نێوان پارێزگاکانی هەرێم بەشێوەیەک کە رێژەکە لە پارێزگای هەولێر(79.2%)،سلێمانی (77.8%) و لە دهۆکیش (76.8%)ە. لە عێراق رێژەی خوێندەواری دەگاتە 87% کە ئەم رێژەیە بەرزترە لە هەرێمی کوردستان.
2. رێژەی تێکڕای سافی پەیوەندیکردنی قوتابیان لە هەرێمی کوردستان بە قۆناغی سەرەتایی 95.53% ە و قۆناغی ناوەندی 92% و بۆ قۆناغی ئامادەییش 86.6%، بەڵام رێژەکان لە عێراق بەم شێوەیەیە، لە قۆناغی سەرەتایی (92.5%), قۆناغی ناوەندی (56.8%) و لە قۆناغی ئامادەییش (29.6%).

## هێزی کار:

1. تێکڕای رێژەی چالاکی ئابووری ئەندامانی خێزان لە هەرێمی کوردستان بۆ کەسانی تەمەن 15 ساڵ و زیاتر دەکاتە 43.5% لە کاتێکدا ئەم رێژەیە لە عێراق کەمترە و دەکاتە 42.8%.
2. رێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان بۆ کەسانی تەمەن 15 ساڵ و زیاتر دەکاتە 9% و هەمان رێژەش لە عێراق 13.8%ە.

3. ڕێژەی کارکردنی منداڵ لە هەرێمی کوردستان 1.8% و لە عێراق 1.2%.
4. ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان بۆ گروپی تەمەنی (15-24) 23.9%ە، بەڵام لە عێراق ڕێژەکە دەکاتە 27.5% بۆ هەمان گروپی تەمەن.

## یارمەتییەکان:

1. ڕێژەی 21.3%ی خێزانەکان لە هەرێمی کوردستان مووچەی خانەنشینیان هەیە و لە عێراقیش ڕێژەکە دەکاتە 25.4%.
2. ڕێژەی 91.9% خێزانەکان لە هەرێمی کوردستان بەشە خۆراک وەردەگرن لە کاتێکدا لە عێراق 95%.
3. ڕێژەی وەرگرتنی یارمەتیە نەختێنەییەکان لەلایەن خێزانەکان لە حکومەت لە هەرێمی کوردستان 1.3%ە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە عێراق دەکاتە 7.5% .
4. ڕێژەی گرنگ بوونی بەشە خۆراک لەلایەن خێزانەکان لە هەرێمی کوردستان 95.6%ە، لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە لە عێراق بەرزترە کە دەکاتە 98.3%.

## بۆچوونی خێزان لەسەر باری ئابووری:

1. لە هەرێمی کوردستان بۆچوونی خێزانەکان لەسەر باری ئابووریان کە ئێستا پێیان باشە یان زۆر باشە ڕێژەکە دەکاتە 14.8%, بەڵام لە عێراق 13%ە.
2. لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی 14.7% خێزانەکان پێیان وایە کە باری ئابووریان باشترە بە بەراورد بە ساڵی 2014، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە عێراق 16%ە.
3. ڕێژەی 18.4%ی خێزانەکان لە هەرێمی کوردستان وا پێشبینی دەکەن کە باری ئابووریان لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوو باشتر دەبێت لە کاتێکدا لە عێراق ڕێژەکە 17%ە.

# نیشاندەرەکانی هەژاری

**پێناسەی هەژاری:** هەژمارکردنی هەژاری لە عێراق و هەرێمی کوردستان پشت بەستراوە بە خەرجی خێزان بۆ دابینکردنی پێداویستییە خۆراکییەکان و خواردنەوە لەگەڵ پێداویستییە ناخۆراکییەکان وەک بەشێک لە پێداویستی سەرەکی و سەرەتایی بۆ بەردەوامبوون لە ژیان بۆ هەر یەک لە ئەندامانی خێزان. بەپێی نیشاندەرەکانی ڕێژەی هەڵاوسان و ئابوورییەکان لە هەرێمی کوردستان و عیراق لە ساڵی ٢٠١٨ هێڵی هەژاری بە ١١٠٨٨٠ دیناری عێراقی خەملێنرا وەک کەمترین خەرجی خێزان بۆ هەر یەک لە ئەندامانی خێزان لە مانگێکدا.

**ڕێژەی هەژاری:** بەپێی ئەنجامەکانی ئەم ڕووپێوە ڕێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2018 گەیشتە 5.46% لە کاتێکدا لە عێراق ڕێژەکە 18% یە. لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمیش ڕێژەی هەژاری بەم شێوەیەیە، لە پارێزگای هەولێر( 6.7%)، کەمترین ڕێژە لە پارێزگای سلێمانی (4.46%)ە و بەرزترین ڕێژەش لە دهۆکە (8.6%).

**جیاوازی نێوان هەژارەکان (فجوة الفقر):** ئەم نیشاندەرە زۆر گرنگە چونکە دەرخەری بوونی جیاوازی (دووری) نێوان چینی هەژارەکان لەگەڵ هێڵی هەژاری دیار دەکات. بڕی دووری هەژارەکان لە هێڵی هەژاری لە هەرێمی کوردستان (0.7) جیاوازییەکی زۆر کەمە بەبەراورد بە عێراق کە بڕەکەی (4.1)ە.

**جیاوازی دووجای نێوان هەژارەکان (مربع فجوة الفقر):** ئەمەش یەکێکی ترە لە نیشاندەرەکانی پێوانی هەژاری کە تایبەتە بە جیاوازی دووری هەژارەکان لەگەڵ یەکتر یان بە واتایەکی تر دەکاتە ناوەندی دووری نێوان هەژارەکان. ئەنجامەکانی ئەم نیشاندەرە لە هەرێمی کوردستان زۆر بچووکە کە ئەمەش نیشاندەرێکی باشە چونکە دووری نێوان هەژاران زۆر کەمە کە بریتییە لە (0.2) بەبەراورد بە عێراق بە گشتی بڕەکەی (1.4)ە.

**نیشاندەری هۆکاری جینی(معامل جینی GINI Coefficient):** ئەم نیشاندەرە جیاوازی بڕی دەستکەوتی داهات لە نێوان گروپەکانی هەژار و زەنگینەکان دەردەخات. بەپێی ئەنجامەکانی ئەم ڕووپێوە جیاوازی داهات لە نێوان گروپەکان لە هەرێمی کوردستان کەمترە لە عێراق بەم شێوەیە 26.6%, 29.6% یەک لە دوای یەک.

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی پلاندانان

دەستەی ئاماری هەرێم

| کەرت | نیشاندەر | هەولێر | سلێمانی | دهوک | هەرێم | عێراق |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خەرجی | ناوەندی خەرجی تاک/ یەک مانگ/دینار | 211000 | 234000 | 199000 | 239000 | 212600 |
| | ناوەندی خەرجی خێزان / یەک مانگ/دینار | 1118000 | 1233000 | 1377000 | 1293000 | 1276000 |
| دیموگرافی | تێکرای قەبارەی خێزان | 5.3 | 4.8 | 6.9 | 5.4 | 6 |
| | ڕێژەی ڕەگەزی نێر بەپێی ڕەگەزی مێ | 101.6 | 99.8 | 101 | 100.7 | 102.4 |
| | ڕێژەی پشت پێبەستن(الاعالة) | %63.5 | %60.7 | %69.7 | %64 | %74 |
| نیشتەجێبوون | ڕێژەی خاوەندارێتی یەکەی نیشتەجێبوون | %68.9 | %76.6 | %73.5 | %73.3 | %72 |
| | ڕێژەی کرێچییەکان | %30.6 | %23 | %25.2 | %26.5 | %22 |
| | ڕێژەی ڕزگار بوون لە خاک و خاشاک لە لایەن شارەوانییەکان | %90.9 | %98.1 | %89.7 | %93.9 | %52.7 |
| | ڕێژەی بەکارهێنانی غاز بۆ ئامادەکردنی چێشت | %99.7 | %98.8 | %97.8 | %98.9 | %98 |
| | ژمارەی تێکرای پێدانی کارەبا لە تۆڕی گشتی/کاتژمێر | 10 | 12 | 9 | 11 | 17 |
| | ژمارەی تێکرای پێدانی کارەبا لە تۆڕی مۆلیدەی گەرەک/کاتژمێر | 10 | 13 | 13 | 12 | 6 |
| | ڕێژەی بەستنەوەی ئاوی ماڵان بە تۆڕی گشتی | %93 | %87.8 | %93.1 | %90.6 | %92 |
| | ڕێژەی بەشکردنی ئاو لە تۆڕی گشتی | %69.9 | %68.6 | %86.8 | %72.6 | %69 |
| خاوەندارێتی کەل و پەل | ڕێژەی خاوەندارێتی ئوتومبێل | %63.8 | %58.7 | %57 | %59.9 | %41.7 |
| | ڕێژەی خاوەندارێتی کۆمپیوتەر | %25.6 | %27 | %23.8 | %25.6 | %15.9 |
| | ڕێژەی خاوەندارێتی تابلێت | %26.2 | %29.4 | %22.7 | %26.5 | %10.9 |
| | ڕێژەی خاوەندارێتی مۆبایلی زیرەک | %93.7 | %90.7 | %83.2 | %89.7 | %79.6 |
| خ و ێ ن | ڕێژەی خوێندەواری | %79.2 | %77.8 | %76.8 | %78 | %87 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕێژەی سافی پەیوەندیکردنی منداڵان بە قۆناغی سەرەتایی | %96.46 | %96.28 | %93.24 | %95.53 | %92.5 |
| | ڕێژەی سافی پەیوەندیکردنی منداڵان بە قۆناغی ناوەندی | %89.83 | %95.68 | %89.77 | %92 | %56.8 |
| | ڕێژەی سافی پەیوەندیکردنی قوتابیان بە قۆناغی ئامادەیی | %84.45 | %90.67 | %80.99 | %86.6 | %29.6 |
| هێزی کار | ڕێژەی چالاکی ئابووری بۆ کەسانی تەمەن ١٥ ساڵ و زیاتر | %43 | %47.4 | %37.2 | %43.5 | %42.8 |
| | ڕێژەی بێکاری بۆ کەسانی تەمەن ١٥ ساڵ و زیاتر | %8.87 | %5.69 | %16.77 | %8.97 | %13.8 |
| | ڕێژەی بێکاری لە تەمەن ١٥-٢٤ ساڵان | %26.23 | %17.31 | %33.96 | %23.9 | %27.5 |
| | ڕێژەی کارکردنی منداڵان بۆ کەسانی تەمەن ٦-١٤ ساڵان | %0.5 | %4.1 | %0.4 | %1.8 | %1.2 |
| یارمەتییەکان | ڕێژەی یارمەتی مووچەی خانەنشینی | %18.3 | %22.4 | %24.4 | %21.3 | %25.4 |
| | ڕێژەی وەرگرتنی بەشە خۆراک | %85.2 | %95.9 | %94.9 | %91.9 | %95 |
| | ڕێژەی وەرگرتنی یارمەتی نەختێنەیی لە حکومەت | %1.2 | %1.4 | %1.3 | %1.3 | %7.5 |
| | ڕێژەی گرنگی بەشە خۆراک | %96.7 | %93.9 | %97.7 | %95.6 | %98.3 |
| بۆچوونی هاولاتیان لەسەر باری ئابووری خێزان | ڕێژەی باش یان زۆر باشبوونی باری ئابووری ئێستای خێزان | %10.6 | %20.9 | %11.4 | %14.8 | %13 |
| | ڕێژەی باشتربوونی باری ئابووری خێزان بە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٤ | %24.3 | %5.7 | %15.8 | %14.7 | %16 |
| | ڕێژەی باشتربوونی باری ئابووری خێزان لە دوو ساڵی داهاتوودا | %20.7 | %16.1 | %18.8 | %18.4 | %17 |
| هەژاری | ڕێژەی هەژاری | %6.7 | %4.46 | %8.6 | %5.46 | %18 |
| | جیاوازی نێوان هەژارەکان(فجوة الفقر) | %0.32 | %0.21 | %0.43 | %0.7 | %4.1 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | جیاوازی دووجای نێوان هەژارەکان( مربع فجوة الفقر) | %0.03 | %0.02 | %0.04 | %0.2 | %1.4 |
| | نیشاندەری هۆکاری جینی(معامل جینی GINI Coefficient) | %26.83 | %26.93 | %26.66 | %26.63 | %29.6 |